بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

## هەرێمی کوردستانی عێراق
## سەرۆکایەتی هەرێم
## سەرۆك

بەناوی گەلەوە

**بڕیار**

**ژمارە (٤٠) ساڵی ٢٠٠٧**

**یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە(زێڕەڤانی هەرێمی کوردستان - عێراق)**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان - عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٢٤) لە٢٠ /٢٠٠٧/١١ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە( ٣٣ )ی ساڵی / ٢٠٠٧**

**یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە(زێڕەڤانی هەرێمی کوردستان - عێراق)**

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

یەکەم: شۆڕش: شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کوردستان کە لە ١٩٦١/٩/١١دا هەڵگیرساوە.

دووەم: پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێم): هەر کەسێك چوبێتە ریزی شۆڕشەوە و لـەپێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانیدا بە شێوازی سیاسی و سەربازی تێکۆشابێ.
سێیەم: شەهید: ئەو پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێم)ەیە کە لە کاتی شۆڕش ولـە پێناوی دا شەهید بووە.
چوارەم:رێزلێنان: بەرز راگرتنی خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگەیە(زێرەڤانی هەرێم).

**ماددەی دووەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە هەموو ئەو پێشمەرگانە دەگرنەوە کە بەشدارییان لـە رێـرەوە قارمانیەکەی بارزانی لە نێوانی سالآنی ١٩٤٥-١٩٥٨دا کردووە.

**ماددەی سێیەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە هەموو ئەو کەسانە دەگرنەوە کە چـوونەتە پـاڵ بزووتنـەوەی رزگاریخوازیی کوردستان تاوەکو ١٩٩١/٣/٥.

**ماددەی چوارەم:**

پلـەو ئیمتیـازاتی ویـسام و نـوت و مـەدالیا ونیـشانەو مەرجـەکانی بەخـشینیان بـە پێشمەرگە بە یاسا دەست نیشان دەکرێن.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەو ماوەیەی کـە (زێرەڤـانی هـەرێم)لـە ریزەکـانی شۆرشـدا بەسـەری بـردووە بـە خزمەتێکی کردەیی بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی پلە وخانەنشینی دادەنرێ.

**ماددەی شەشەم:**

ڕێزلێنانی ئەو شەهیدانەی کە گیانی خۆیان بەخت کردووە لە پێناوی شۆڕش و ئەو پێشمەرگە کەمئەندامانەی دوای ئەو مێژووەی کە لە ماددەی سێیەمی ئەم یاسایەدا دیاری کراوە بە پێڕەوێکی تایبەت جێبەجێ دەکرێ.

**ماددەی حەوتەم:**

پێویستە لەسەر وەزیری پێشمەرگە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی هەشتەم:**

یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە ژمارە(٩)ی ساڵی ١٩٩٢ هەڵدەوەشێتەوەو ئەم یاسایە جێی دەگرێتەوە.

**ماددەی نۆیەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی دەیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی یازدەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقـائیعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

**هەولێر**

٦/بەفرانبار/ ٢٧٠٧ کوردی

٢٧/کانوونی یەکەم / ٢٠٠٧ زایینی

١٨ /ذو الحجة/ ١٤٢٨ کۆچی

## - هۆیە پێویستییەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە -

لەبەر گرنگی ورۆڵی پێشمەرگە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان و نرخدانان بۆ ئەرك و خەباتی قارەمانییان و بۆ رێزلێنان لە قوربانی دانەکەیان و ڕژانی خوێنی پاکیان لە پێناوی ئامانج و ئاواتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان و بۆ دەستنیشان کردنی ماف و ئیمتیازاتی ماددی و مەعنەوییان ئەم یاسایە دەرچوێنرا.